**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٥٠٧ لە ٢٠٢٣/٨/٩**

**بڕیار**

دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٩) لە ٢٠١٩/٢/٦ لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە پشت بەحوکمی مادده (٣٤) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بەکۆی دەنگی ئامادەبووان بڕیاردرا بە :-

١- کردنەوەی بەشی (پرۆتۆکۆل و هەماهەنگی ) لە دیوانی ئەنجومەنی دادوەری وە ئەم بەشە دەلکێت بە بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری .

٢- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

---

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٥٨٩ لە ٢٠٢٣/٨/٣٠**

**بڕیار**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە پشت بە حوکمی مادده (١٣٧) لە یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵی (١٩٨٧) وە مادده (٣٠) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، ئەنجومەنی دادوەری بەکۆی دەنگ بڕیاریدا بە:

- پێکهێنانی دادگای کار لە پارێزگای هەڵەبجە وە تایبەتمەند دەبێت بە بینینی ئەو کێشەو داوا و کاروبارانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەی.
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

---

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٥٩٠ لە ٢٠٢٣/٨/٣٠**

**بریار**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە پشت بە حوکمی مادده (١٣٧و ١٣٩) لە یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵی (١٩٨٧) ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بریاریدا بە

- پێکهێنانی دادگای کار لە هەر یەک لە ئیدارەی سەربەخۆی (ڕاپەرین-سۆران /زاخۆ ) بۆ بینینی ئەو داوا و کێشە و کاروبارانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەی وە دادوەری یەکەمی دادگای بەرایی ( ڕانیە -سۆران -زاخۆ) تایبەتمەند دەبێت بە بینینی داواکانی دادگای ئاماژە پێکراو .
- ئەم بریارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**